
# دیوانی نالی

## (ساغکردنەوە لەسەر تێکستی دەستنووس و چاپکراوی دیوانی شاعیر)




**کامەران سوبحان**

ساقی وەرە رەنگین کە بە پەنجە لەبی ئەقداح
بەم راحە لە سەر راحە دەڵێن راحەتی ئەرواح
بەم کاسە لە سەر پەنجە دەڵێن نووری عەلا نوور
رەخشانە لە میشکاتی قەدەح دا وەکو میسباح

نالی شاعیر، یەکێکە لەو شاعیرە کلاسیکییانەی ئەدەبیاتی کوردی، کە زۆرترین و جۆراوجۆرترین بۆچوون لەسەر شیعرو غەزەلەکانی دروستبووە، بە تایبەتیش لەڕوی ساغکردنەوەی زمان و شێوازی ئاخافتن و ئاستی زمانی شیعری، لەم شێوازە ساغکردنەوەو بەدواداچوونەدا چەندین هەوڵی جوان لە ئێستا و ڕابردووی ئەدەبی کوردیدا دەبینین، جگە لە هەوڵەکانی بەهەشتی مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و حەمەی مەلاکەریم و (چەپکێك لە گوڵزاری نالی) یەکەی مەسعود محەمەد، کتێبی (دیوانی نالی.. ساغکردنەوە لە سەر تێکستی دەستنووس

و چاپکراوی دیوانی شاعیر) یەکێکە لەو هەوڵە ناوازانەی د.مارف خەزنەدار، کە لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا دووجار چاپیکردووەتەوە، یەکەمیان ساڵی 1977 و دووەم چاپی ئەم کتێبەش ئەمساڵ لە دووتوێی 200لاپەرەدایە و بە هەردوو پێشەکی چاپی یەکەم و دووەم گۆشەنیگایەکی رون و ئاشکرای لەسەر جیهان و دنیابینینی نالی خستووەتەروو، ئەمە جگە لەوەی کێماڵێکی گەورەی بە شیعری نالیدا کردووەو وەك نالی ناسێك بەشێکی زۆری شیعرەکانی ساغکردووەتەوە لەو بۆچوون و تێروانیینە جیاوازانەی کە لەسەر شیعرەکانی لەلایەن رەخنەگرانەوە دروست بوون.

بەدەر لە ساغکردنەوەی شیعرەکانی نالی، د.مارف خەزنەدار بەدوای بۆچوونی گەریدەو رۆژهەلاتناسەکان دەروات، بەتایبەتی ئەوانەی بۆچوونیان لەسەر شیعرو بەرهەمی نالی هەیە، کاتێك مینۆرسکی لەبارەی سێ دێرە شیعری وەرگێراوی روسی نالییدا دەکەوێتە گومان و نازانێت ئایا ئەو دێرانە هینی نالین یان نا؟ چونکە مینۆرسکی بۆخۆی دەڵێت : ئەم شیعرانەم لە سەر زمانی کوردێکی ئابلاخییەوە بیستووە، شیعرەکەش دەڵێت:



**د. مارف خەزنەدار**

**زوڵفت بە قەدت دا کە پەرێشان و بڵاوە**
**ئەمرۆ لە منی شیفتە ئاڵۆز بەداوە**
**بۆچی نەگریم سەد کەرەتم دڵ دەشکێنێ**
**مەی بۆ نەرێژێ شوشە لە سەد جێوە شکاوە.**

لە شوێنێکیتریشدا دەڵێت:

**هەر چەندە کە رووتم بە خودا مەیلی رووتم**
**بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە.**

نووسەر ئەم شیعرە وەرگێراوە روسییەی شیعری نالی ساغدەکاتەوەو دەڵێت :( بەڵێ ئەمە شیعری نالییە، بێگومان ئێمە دەتوانین وەڵامی مینۆرسکی بدەینەوە کە ئەم شیعرانە هی نالین، هەرسێ دێرە غەزەلێکن، دێری یەکەم و دووەم سەرەتای غەزەلەکەیە، بەلام دێری سێیەم ئەوەی بە تەنیایە، دێری چوارەمی غەزەلەکەیە، غەزەلەکە هەمووی نۆ دێرە.

ئەمە جگە لە هێنانەوەی وتەو بۆچوونی هەندێ نووسەرو رەخنەگری ئەورووپی لەسەر شیعری نالی، کە بە بۆچوونی د.مارف خەزنەدار هیچ شاعیرێکی کلاسیکی کورد هێندەی نالی لە دەرەوەی ولات ناوبانگی پەیدا

نەکردووە.

لە ساڵی 1955 دا (تۆما بووا) بە زمانی فەڕەنسی لە وتارێکدا ناوی نالی دەبا و دەڵێت گوایە لە ساڵی 1931 دیوانەکەی نالی لە بەغداد چاپکراوە، بەڵام (ڤاسیلی نیکیتن) هۆشیارانە لە ساڵی 1956 لە بابەت نالییەوە دەڵێت: بە بەهرەترین شاعیرانی سەردەمی تازەیە، لە ریزی پێشەوە دەبێ ناوی شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەم ببەین کە (نالی، کوردی، سالم و حاجی قادری کۆیی).

**(کتێبی دیوانی نالی د.مارف خەزنەدار لاپەڕە(18).**

یەکێکی تریش لەو سەرچاوانەی تری نووسەر بۆ ساغکردنەوەی شیعرەکانی نالی پشتی پێبەستون، بەدەر لەو دیوانە چاپکراوانەی شاعیر کە لە (سنە و بەغداد و هەولێر) سودیشی لە چەندین دەستنووسی تری نالی وەرگرتووە، لە وانە دەستنووسی دیوانی نالی کە لەلایەن مەلا عەبدوڵلا لە ساڵی ( 1216ه/1898 م دا) ڕەنووس کراوە، دەستنووسی دیوانی نالی، بە دەستی جەمالی مەلا ئەحمەد لە ساڵی 1913 ڕەنووس کراوە، دەستنووسی دیوانی نالی لە ساڵی 1903 لە لایەن محەمەد ئەمین زەکی مێژوونووسی کورد ڕەنووسکراوە، دەستنووسی (سۆزی نیشتیمان) لە لایەن نەجمەدین مەلاوە لە ساڵی 1945 نووسراوە، ئەمە جگە لە هەموو ئەو دەستنووس و شیعرانەی شاعیر کە بە هەموو ناوچەکانی کوردستانی خوارووددا بڵاوبوبونەوە، کە ئەو دەستنووسانەش لە حوجرەو مەدرەسەو دیوەخان و ماڵی خوێندەوارانددا دەستدەکەوتن و لەو کاتانەشدا شیعری نالی لە سەر زاری مەلاو فەقێیاندا بەردەوام وتراوەتەوەو بەمەش دەستاودەستی کردووەو ڕۆڵێکی باشی بینییوە بۆ ساغکردنەوەی شیعرە راستەقینەکانی خودی شاعیر خۆی.

هەر بۆ ساغکردنەوەی یەکە بەیەکەی شیعرەکانی نالی نووسەر دەڵێت :دوای بەراوردکردنی هەموو ئەو سەرچاوانەو ئەو شیعرانەی شاعیر، لە ئەنجامدا ئێمە ئەو تێکستەمان هەڵبژارد، کە لە گیانی نالی و ئسلوبی نالی و دنیای نالییەوە نزیکە،خۆ ئەگەر بکەوتینایەتە بەرامبەر دوو تێکست یان زیاتر کە هەموویان لە نالی دەوەشێنەوە، نزیکترینیان لە نالی لە ناو شیعرەکەدا تۆمارکراوەو ئەویتریان لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا نووسراوە.

بەدەر لەم ساغکردنەوانەی شیعرەکانی نالی د. مارف خەزنەدار لەم کتێبەدا سەرنج و تێبینی و ڕەخنەی خۆی لەسەر هەندێ لەو کتێب و نووسینانە دەخاتە ڕوو کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە سەر نالی نووسراون، لە وانە کتێبی (چەپکێك لە گوڵزاری نالی ) مەسعود محەمەد، ئاوا ڕەخنەی خۆی لەم کتێبە دەردەبڕێت: ( لەگەڵ هەموو قووڵی و وردەکاری و وەستایی نالی نەوەکو تەنیا لەم شیعرانەدا، بەڵکو لە سەرانسەری دیوانەکەی، هێشتا بە لای ئێمەوە (195 لاپەڕە) گەلێك زۆرە بۆ لێکدانەوەی کەمتر لە 60دێرە شیعر، دەیتوانی جێی هەندێ لە تێبینییەکانی لە لاپەڕەی کەمتر بکاتەوە، بەڵام دیارە زۆربەی قسەکانی لە دوورونزیکەوە و بە هیچ جۆرێك پەیوەندیان بە نالییەوە نییە!!).

**(دیوانی نالی.. ساغکردنەوە لە سەر تێکستی دەستنووس و چاپکراوی شاعیر..لا14)**